


# دیاردەگەرایی و ڕەخنەی ئەدەبی فەلسەفەی فینۆمینۆلۆجی (ئەدمۆند هۆسرەل ١٨٥٩- ١٩٣٨)

هاشم سەڕاج

«دیاردەگەرایی و ڕەخنەی ئەدەبی» کتێبێکی نوێی «دکتۆر یادگار لەتیف شارەزووری»یە، دەکرێت سەرجەم زانیارییەکانی ئەم کتێبە بۆ دوو بەش پۆلێن بکرێن، بەشی یەکەمی بەگشتی بریتییە لە کۆمەڵێک داتا و زانست و زانیاری سەبارەت بە چۆنیەتی سەرهەڵدانی فەلسەفەی فینۆمینۆلۆجی – دیاردەگەرایی و کاریگەری بەسەر تێز و میتودی نوێی ڕەخنەی ئەدەبییەوە.

دکتۆر یادگار لەتیف لەم بەشەدا کۆمەڵێک زانیاری ورد و قووڵی تیوری پێشکەش بە وەرگر دەکات، بەشی دووەمی پراکتیکی و شیکردنەوەی قەسیدەی (بنەچەی سەوسەن)ی «ئەدۆنیس»ـە لە ڕوانگەی ڕەخنەی دیاردەگەراییەوە.

هەڵبەتە دەقی بنەچەی سەوسەن لەلایەن (تەڵعەت تاهیر)ی شاعیرەوە کراوە بە کوردی، من لەم خوێندنەوەیەدا هەوڵ دەدەم زۆرتر کار لەسەر بەشە تیورییەکەی ئەم کتێبە بکەم و پوختەی زانیارییە فەلسەفی و ڕەخنەییەکان بخەمەڕوو، دکتۆر یادگار لەتیف لە پێشەکییەکەدا پێی وایە یەکێک لە مەبەستە سەرەکییەکانی ئەم کارەی، دەرخستنی کاریگەری فەلسەفەی دیاردەگەراییە لە نەخشاندن و نوێکردنەوەی ڕەخنەی ئەدەبی و میتودە ڕەخنەییەکاندا، ئەو کاریگەرییە فینۆمینۆلۆجییەش بۆ بنەما تیورییەکانی فەلسەفەی «هۆسرەل» دەگەڕێتەوە. دکتۆر یادگار لەتیف ئاماژەیەکی بەلەز بە هەردوو باڵەکەی [تیورەکانی وەرگرتن] دەدات کە سوودێکی زۆری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی لە هۆسرەل و هایدگەر و ئینگاردت و گادامێر وەرگرتووە، پاشان لە چۆنیەتی سەرهەڵدانی فەلسەفەی دیاردەگەرایی دەدوێت و بنەما سەرەکییەکانی دەخاتە ڕوو.

دەرکەوتنی ئەم فەلسەفەیە سەبارەت بە «هۆسرەل ١٨٥٩- ١٩٣٨» دەکەوێتە نێوان هەردوو جەنگە جیهانییەکەوە، لەو ماوەیەدا هۆسرەل فەلسەفەیەکی نوێی داهێنا و بەرپەرچی ئەو هزرەی دایەوە کە دەیگوت: شتەکان بوونی بابەتییان هەیە و دوورن لە بیناو تێگەیشتنەکانمانەوە- ئەمە ڕوانینی هەستێکی ساغ بوو بۆ شتەکان، بەڵام هۆسرەل بیروبۆچوونەکانی بەشێوەیەکی جیا خستە ڕوو، لەوانە گرنگیدان بە هۆشیاری و لایەنی مرۆیی و پەی بردنە مرۆییەکان بۆ دەوروبەر و بوون و چۆنیەتی دەرکەوتنی ڕاستەوخۆی شتەکان وەک فینۆمینە بۆ وەرگر.

هۆسرەل پێی وایە «دیاردە» ئەو ڕاستییەیە کە بابەتەکان لە پشتییەوە خۆیان مەڵاس داوە، هەروەها دیاردەگەرایی خۆی بۆ کارکردن لەسەر ئەزموونی ژیان و ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ و واقیعی ماددی هەست پێکراو تەرخان کرد، چەمکی دیاردە لای هۆسرەل بریتییە لە ڕووداوە هەست پێکراوەکان لە ڕێگەی هەستەکانەوە، ئەو هەستانەی کە سەرچاوەی زانیارین بەشێوەیەکی گشتی.

پێم باشە لێرە لە ڕوانگەی شیعری و شیعرگەراییەوە لە چەمکی فینۆمینە بدوێم، بە تایبەتی لە ڕوانگەی ئیستێتیکییەوە. چۆنیەتی دەرکەوتنی شتگەل، یان جوانی بەگشتی وەک خۆی بۆ ڕوانین و هۆشیاری شاعیر و تێکەڵبوونی بە ڕیتم و ستایل و وێنە و هزر و هەست و خەیاڵەوە، چونکە شاعیر لە بنەڕەتدا فینۆمینۆلۆجییەکی خەسڵەتی جوانییە ناوازەکان دەنووسێتەوە.

هۆسرەل ساڵی ١٩٠٠ لە کتێبی «لێکۆڵینەوە لۆژیکییەکان»دا تێزی فەلسەفە دیاردەگەراییەکەی خستەڕوو و تێیدا جەختی لەسەر گەڕانەوە بۆ خودی شتەکان کرد و پێی وابوو لە کۆتاییدا بیرە پوختەکان و ماهیەتە باڵاکان کە بیروبۆچوونمان ڕێک دەخەن، واتا بە بابەتەکان دەبەخشن.

هۆسرەل لە سەرەتای هەوڵە فەلسەفییەکانیدا سوودی لە «فرانز برنتانۆ» وەرگرتووە، فرانز گرنگی بە ڕێبازی هەندێک لە مامۆستایانی سەدەکانی ناوەڕاست دەدا و بڕوای وابوو بۆ ناردن- إحالة- Re-ferring – و مەبەست Intendin لای مرۆڤایەتی گرنگترین چالاکین، پێی وابوو ئێمە ناتوانین خۆمان بناسین بەبێ ئاماژەکردن بە شتەکانی تر.

نووسەر بە وردی لەو سەرچاوانە دەکۆڵێتەوە کە هۆسرەل سوودی لێ بینیون، سەرچاوەیەکی تری هۆسرەل، فەلسەفەی (کانت ١٧٢٤-١٨٠٤)ـە، بە تایبەتی جیاکاریکردنی کانت لەنێوان دیار Phenomenon، واتە جیهان وەک چۆن دەیبینین و نادیار -noume-non، واتە جیهان وەک چۆن لە ڕاستیدا هەیە، ئەگەر دیاردەگەرایی هۆسرەل تایبەتمەندبێت بە هۆشیارییەوە، ئەوە کانت یەکەم کەس بووە کە هۆشیاری دیاری کردووە، بە تایبەتی پاش داماڵینی لە خواست و پاڵنەرەکان، دواتر (هیگڵ ١٧٧٠-١٨٣١) و لێکۆڵینەوەی مێژوویی لە گەشەسەندنی هۆشیاری بەرانبەر بە خود، بەڵام گرنگی تێزەکەی هۆسرەل لەوەدایە جەختی لەسەر گرنگی ئامانج و خواست و مەبەست دەکرد، چونکە دیاردەی هزری و دەروونی دەربڕی خواست و مەبەستەکانن و بەیەکەوە گرێ دراون، هۆسرەل پێی وابوو ئەم میتودە لە لێکۆڵینەوە دەتوانێت دوالیزمی باوی نێوان جەستە و عەقڵ لەبەریەک هەڵبوەشێنێتەوە، لە جێگایدا بنەمایەکی کامڵ دابڕێژێت بۆ تێگەیشتن لە هەڵسوکەوت و بیری مرۆڤ، چونکە جیهان لای هۆسرەل بەشێکە لە خودی هۆشیار، بە هەمان شێوە خودیش بەشێکە لە جیهان.

نووسەر سەبارەت بە تێزی فینۆمینۆلۆجیای هۆسرەل لە هەندێک چەمک و پێوەندی دەدوێت، بە تایبەتی چەمکی هۆشیاری و بوونی پێوەندی لەنێوان بوون و واتادا، لای هۆسرەل نە شت بوونی هەیە بەبێ کەس، نە کەسیش بوونی هەیە بەبێ شت، ڕەنگە ئەم ڕەهەندە ئۆنتۆلۆجییە زۆرتر بەرەو تێزی «هایدگەر»مان ببات و چەمکی «دازاین»مان بیربخاتەوە. بوون لێرەدا، یان بوون لە جیهاندا، مرۆڤ لە جیهاندا بە نیگەرانییەوە دەژی، هایدگەر لە فینۆمینۆلۆجیای «هۆسرەل»ی مامۆستایەوە بەرەو فەلسەفەی ئۆنتۆلۆجی هەنگاو دەنێت، بەڵام مەبەستی هۆسرەل لەم بابەتەدا چۆنیەتی دەرکەوتنی شتگەل و هەبووەکانە، چۆن بۆ هۆشیاری مرۆڤ دەردەکەون.

نووسەر بەم شێوەیە لە ڕوانینی هۆسرەل دەدوێت. مرۆڤ لەنێو ژیانی ڕۆژانەیدا دەردەکەوێت، کە لە نێویدا بە نیگەرانییەوە نوقم بووە، هەڵوێستی لە ئاستی هەبووەکاندا لەم دەرکەوتنە سەرەتاییەدا، بیردۆزیانە و ئۆنتۆلۆجییانە نییە، بەڵکو «پراکتیکی» و پێش ئۆنتۆلۆجیانەیە، من هەموو ڕۆژێک مێزەکەم بۆ نووسین بەکاردەهێنم، من ناپرسم مێز چییە؟ بێ شیکردنەوەی بوونی مێزەکە بەکاری دەهێنم، لەم هەڵوێستەوە، مێزەکە فینۆمینۆلۆجیانە دەردەکەوێت و لایەنی پراکتیکی پێش بیردۆزە دەکەوێت، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە لایەنی پراکتیکی کوێرانەیە و خاوەنی زانین نییە، چونکە هەموو کردەوەیەک بەدیدی هایدگەر، جۆرە زانینێکی لەگەڵدایە.

لێرەدا هۆسرەل بەم شێوەیە لە چەمکی مەبەستگەرایی- القصدية- دەکۆڵێتەوە، ئەم چەمکە لای هۆسرەل ئەوە دەگەیەنێت کە تایبەتمەندی هەموو هەستێک بریتییە لە هەستکردن بە شتێک، بەمەش دەتوانین ڕاستەوخۆ وەسفی بکەین، هەستکردنیش بە شت لە ڕێگەی هاوتەریبی کردەوەکانی مەبەست

لەگەڵ واتا فراوانەکەی و بابەتە ویستراوەکەدا دێتە دی، بۆیە دەبینین لای هۆسرەل بابەتی مەبەستگەرایی لە میتودسازیدا خاڵێکی ناوەندگیرە، بەو پێیەی هەموو هۆشێک، یان هۆشمەندییەک ئامرازی وەرگرتنی دیاردەکانە، یان هۆشمەندییە بە شتێکی دیاریکراو.

نووسەر بە وردی پوختەی فەلسەفەی هۆسرەل دەخاتە ڕوو، مەبەست لە هۆش، هۆشی بەشی دیاریکراوی وابەستە بە خەونی تاکی مرۆڤەوە نییە، بەڵکو هۆشی پوختە لە وێنە ماهیەتە بەرز ڕوانەکەیدا، کە دوایی کرداری «هەڵواسینی دیاردەگەراییانە» پەیدا دەبێت، چونکە هۆشی سروشتی لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی تر دەگۆڕێت و پشت بە بنەمای دڵنیایی «یقيني» چەسپاو نابەستێت، بۆیە لای هۆسرەل و لە فەلسەفەی فینۆمینۆلۆجیاییدا چەمکی هۆشیاری گرنگییەکی هێجگار کاریگەری هەیە، هۆسرەل لە بابەتی هەڵواسینی فینۆمینۆلۆجیدا دەڵێت (پێویستە خۆمان لە هەموو بیروبۆچوونێکی ڕابوردوو داماڵین)، ئەم کردەیە لای هۆسرەلەوە کاتییە، بۆیە ناوی ناوە هەڵواسین، کردەی هەڵواسین لەپێناو چڕکردنەوەی تێڕوانینە بۆ تایبەتمەندییە جەوهەرییەکانی شتەکان.

هۆسرەل لە خودی شتەکان و چۆنیەتی دەرکەوتنیان دەدوێت، هۆسرەل لە کاتی وانە وتنەوەدا لای بە ئەم لاو ئەولادا دەکردەوە و دەیوت: دیاردە ئەوەیە کە لە دەوروبەرماندا دەیبینین، پێی وابوو دڵنیایی لە زانینی چۆنیەتی دەرکەوتنی ڕاستەوخۆیانەی بابەتەکانەوە لەناو هۆشیاریدا بەدەست دێت، چونکە شتەکان گرێدراوی هۆشیارین و بەشێکن لە ئێمە، ڕاستی لەلای فینۆمینۆلۆژیا ڕێژەییە و بوونی نییە، تەنیا کاتێک نەبێت کە مرۆڤ ڕووبەڕووی شتەکان دەبێتەوە و پێوەندییان لەگەڵدا دروست دەکات، کەواتە گەڕانەوەی ڕاستەوخۆ بۆ دیاردەکان تاکە ڕێگەی گەیشتنە بەڕاستی، ئەویش لە ڕێگەی وەلانانی هەموو بڕیارە پێشینەکان و بۆ شیکردنەوەی گشت ئەو بابەتانەی کە لە هۆشیاری خودەوە سەرچاوە دەگرن، پاشان هۆسرەل ویستی لە ڕێگەی وەسفکردنی بنچینە باڵاکانی هۆشیاری مرۆییەوە جۆرێک لە هاوسەنگی لەنێوان بیر و جیهاندا دروست بکات، هەڵبەتە تیۆزی فینۆمینۆلۆجی ئیدمۆند هۆسرەل کاریگەری بەسەر کۆمەڵێک بیرمەند و فەیلەسووف و نووسەردا جێ هێشت، لەوانە هایدگەر لە فەلسەفەی ئۆنتۆلۆجیدا، هەروەها میرلۆپۆنتی و سارتر و کامو و یاسپەرز و مارسێل پرۆست...تاد. میرلۆپۆنتی ویستی لە ڕێگەی دیاردەگەراییەوە پێوەندی نێوان سروشت و هۆشیاری ڕوون بکاتەوە، هەروەها هەریەک لە گادامێر و پۆل ڕیکۆر لە بواری هێرمنیۆتیکادا سوودیان لە تێزی فینۆمینۆلۆجی هۆسرەل وەرگرت، هایدگەری قوتابی هۆسرەل لە بواری بوونگەراییدا کاری لەسەر فینۆمینۆلۆجیای مامۆستایەکەی کرد.

لێرەدا نووسەر بە دوورودرێژی لە کاریگەری بیر و تێزی فینۆمینۆلۆجیای هۆسرەل دەدوێت کە چۆن لە بوارە جۆراوجۆرەکانی دەروونشیکاری و کۆمەڵناسی و ئەپستمۆلۆجی و ڕاڤەکاریدا سوودی لێ وەرگیراوە، بۆ نموونە گاستۆن باشلار لە کتێبی «شیکردنەوەی دەروونی بۆ ئاگر» سوودی لە فینۆمینۆلۆژیای هۆسرەل وەرگرتووە، لە پاش هۆسرەل هەریەک لە هایدگەر و سارتر و مێرلۆپۆنتی و لیڤانیس، بە شێوەی جۆراوجۆر برەویان بە هەمان تێزی دیاردەگەرایی هۆسرەل داوە. ئەو ڕەوتە فینۆمینۆلۆجییە توانی گۆڕانکاری بەسەر شیکردنەوەی ئەدەبیدا بهێنێت و حاڵەتی ڕاڤەیی بگۆڕێت، چونکە ڕەوتی هێرمنیۆتیکی لێ کەوتەوە، بە تایبەتی بە ڕێبەرایەتی هەریەک لە هایدگەر و گادامێر و پۆل ڕیکۆر، توێژەران پێیان وایە هۆسرەل وەک هایدگەر ڕاستەوخۆ گرنگی بە ئەدەب نەداوە، چونکە هایدگەر ڕێگای بۆ بینا هێرمنیۆتیکییەکان واڵا کرد، بە تایبەتی لە کتێبی «بنەچەی کاری هونەری»، دواتر «هانز جۆرج گادامێر» پراکتیزەی بیروبۆچوونەکانی هایدگەری کرد، لە کتێبە بەناوبانگەکەی «ڕاستی و میتود»دا کەساڵی ١٩٦٠ بڵاوی کردەوە، چونکە هایدگەر لە کتێبی «بوون و کات»دا زمانی بە ماڵی بوون لە قەڵەم دا، ئەو ماڵەی مرۆڤی تێدا نیشتەجێ دەبێت.

لێرەدا نووسەر جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە لە ڕێگەی تێز و هزر و بیرکردنەوەی ئەم دوو فەیلەسووفە «هایدگەر و گادامێر» ڕێڕەوی هێرمنیۆتیکا پێشکەوتنێکی کرۆکی بەخۆیەوە بینی و تیورەکانی وەرگرتن پەیدا بوون، نووسەر لەم کتێبەدا بە وردی لە چەمکی تیور دەدوێت و پێی وایە ئەوە لایەنی تیورییە کە ڕێگە بۆ لایەنی پراکتیکی خۆش دەکات. سەبارەت بە ڕۆڵی گرنگی بنەما تیورییەکان ئاماژە بە بۆچوون و ڕوانینەکانی «جۆناسان کالەر» دەدات، تیور بەو پێیەی لای کالەر ڕەگەزێکی ئەدەبییە و لەنێو

لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا کلاڤەیەکە لەبیر و دانان، دواتر کالەر گوفتاری کۆمەڵێک بیرمەند دەخاتە ڕوو، کە چۆن لەژێر کاریگەری فەلسەفەی دیاردەگەراییدا توانییان بواری توێژینەوە ڕاڤەییەکان فراوان بکەن و دەرگە لەبەردەم کار و بەرهەمە ئەدەبییەکاندا والاّ بکەن تا بێنە نێو تیوری ئەدەبییەوە. لێرەدا کالەر نموونە بە ڕوانینەکانی میشیل فوکۆ و جاک دریدا دەهێنێتەوە، فوکۆ لە کتێبی مێژووی زایەندزانیدا، سەدەی نۆزدە بە سەدەی داپڵۆسینی زایەندی «سێکسی» دادەنێت، جاک دریدا گرنگی بە بابەتی نووسین دەدات، نووسین وەک دژە بەرانبەرێک بۆ قسەکردن، دریدا پێی وایە فەلسەفەی ڕۆژئاوایی لە ئەفلاتوونەوە تا مۆدێرنە، نووسینی پشتگوێ خستووە و بە پاشکۆی قسەی داناوە، بۆیە دریدا چەمکی ئامادە/ نا ئامادە بەرانبەر بە قسە/ نووسین/ دادەنێت، دواتر دەبێتە ڕەگەزێکی سەرەکی لیکۆڵینەوە ئەدەبییەکان، هەروەها چەمکی دەسەڵات و سێکس لای فوکۆ هەمان حاڵەت وەردەگرێت.

نووسەر هێدی هێدی کۆمەڵێک چەمکی جۆراوجۆر دەخاتە ژێر لێکۆڵینەوە و لە گرنگی لایەنەکانیان دەدوێت کە چۆن سوود بە کاری تیوری و شیکردنەوەی پراکتیکی دەبەخشن، بۆ نموونە توێژەران باس لە پێوەندی نێوان تیوری گێڕانەوە و هێرمنیۆتیکا دەکەن، چونکە ئەوکاتەی کە زانستی گێڕانەوە خۆی وەک تیوری شیکردنەوەی پێکهاتەی گێڕانەوەیی و چۆنیەتی گێڕانەوە پێشکەش دەکات و خەریکی دۆزینەوەی بنەما ناوەکییەکانی ڕەگەزە گێڕانەوەییەکانە.

نووسەر سەبارەت بە بنەمای تیوری بیروبۆچوونی کۆمەڵێک فەیلەسووف و بیرمەند و شاعیر و ئەدیب و ڕەخنەکار دەخاتەڕوو، بۆ نموونە هێنری جیمس و زانستی گێڕانەوە، تیوری فۆرمی ئۆرگانی و تیوری خەیاڵ لای شاعیر و ڕەخنەکاری ڕۆمانسی کۆلێرج، کە تیورەکەی لە «هیگڵ» و یۆهان گۆتلیب فیشە و «کانت»ەوە خواست و جیاوازی لەنێوان خەیاڵ و وەهم کرد، هەروەها «پۆل ریکۆر» سەبارەت بە گرنگی بنەمای تیوری ئاماژە بە کتێبی هونەری شیعری ئەرستۆ دەدات و دەڵێت: گوتوویەتی «بیرۆکە پێکهێنەری سەرەکی گرێچنەی شیعرییە» ، یان «ستانلی فیش» پێی وایە تیور شێوازێکە لە شێوازەکانی بیرکردنەوە، ئامانج و یاسای خۆی هەیە و پێویستە هەڵبسەنگێنرێت، جگە لەمەش تیور هەر بەرهەمی خۆی دەبێت و کاریگەری بەسەر دەقەوە جێ دەهێڵێت.. هەر سەبارەت بە چەمکی تیور، جیرار جینێت دەڵێت «ئەوەی من لێرەدا پێشنیاری دەکەم لە بنەڕەتدا میتودێکە بۆ شیکاری، پاشان دەبێت دان بەوەدا بنێم کە لە کاتی گەڕانمدا بە دوای شتە تایبەتییەکاندا شتە گەردوونییەکان دەدۆزمەوە، کاتێکیش دەمەوێت تیور بخەمە خزمەت ڕەخنەوە، ڕەخنە دەکەمە خزمەتکاری تیور، بێ ئەوەی ویستێکی پێشوەختەی ئاوام هەبووبێت» .

نووسەر لە بەشێکی تری کتێبەکەدا باس لە چۆنیەتی سەرهەڵدانی ڕەخنەی بابەتی دەکات و چۆنیەتی کاریگەری فەلسەفەی دیاردەگەرایی لەسەر ئەم جۆرە ڕەخنەیە دەخاتەڕوو، ڕێبەرانی ڕەخنەی بابەتی لەسەرووی هەمووشیانەوە جۆرج بولێ، جان ڕوسێ، جان ستارۆبنسکی و جان پییر ریچار» بە کارەکانی «گاستۆن باشلار کاریگەربوون بابەت «ثیمە» ، یان تیمە لای ڕێبەرانی ئەم قوتابخانە ڕەخنەییە کە بە «ڕەخنەی بابەتی» نێوزەد دەکرێت، «بریتییە لە تۆڕێکی ڕێکخراوی بیری کەڵکەڵەدەری نووسەر جولێت، ئەو بیرەی کە لە مێشکی نووسەردا تەکان دەدات، وێنەیەکی ڕەسەنە و بچووک ناکرێتەوە و ئاراستەی زۆربەی ئەو کارانە دەکات کە دانەر بەرهەمی دەهێنێت» .

سەرەتا نووسەر ئاماژە بەو تێکەڵبوونەی نێوان ڕەخنەی بابەتی و قوتابخانەی جنێف دەدات، دەرکەوتنی ڕەخنەی بابەتی بۆ چلەکان و پەنجاکانی سەدەی بیست دەگەڕێتەوە، ئەم ئاراستە ڕەخنەییە گرنگی بەو هزرە دەدات کە لە کارە ئەدەبییەکەدا بەرهەم هاتووە، هەروەها لەژێر کاریگەری دیاردەگەرایی بایەخی بە هۆشیاری هونەری دەدات و دەقی بە بەرجەستەکەری هزری دانەر دادەنا، لە ڕوویەکی ترەوە کاری ئەدەبی بە جیهانێکی خەیاڵی و بەدەر لەو جیهانەی تێیدا دەژین، دەزانێت، جیهانێکە بەرجەستەکەری هۆشیاری نووسەرە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت لە کاری ئەدەبی لەلای ڕەخنەکارانی ڕەخنەی بابەتی بەرهەمێکی خودییە لە پلەی یەکەمدا، دەربڕینێکە لەخودی نووسەرەکەی.

جۆرج بۆلە دەڵێت هەموو وشەیەک لەناو ئەدەبدا بارگاوییە بە هزری ئەو کەسەی نووسیویەتی، نووسەر ئاماژە بە ڕەخنەی نوێگەری «الحداثي» دەدات کە چۆن لەژێر کاریگەری بزاڤی فۆرمالیستی و زمانزانی و بنەماگەراییدا پێگەیشت، هەروەها

ڕەخنەی بابەتی پێی وایە ئەدەب لە کرۆکدا داهێنان و دۆزەرەوەی واتای شاراوەی نادیارە، لە هەمان کاتدا دەقی ئەدەبی بابەتێک Object نییە کە بە دواداچوونی زانستییانە پەی بە هەموو لایەنەکانی ببرێت، باوەڕی وایە ئەدەب بابەتی ئەزموونە زیاتر لەوەی مەعریفە بێت، ئەم ئەزموونەش خاوەن کرۆکێکی ڕوحییە، ڕەخنەی بابەتی باوەڕی بە پێوەندییەکی دوو لایەنەی ئاڵوگۆڕکاریانە لەنێوان خود و بابەتدا هەیە، لەنێوان جیهان و هۆشیاریدا، لەنێوان داهێنەر و کارەکەیدا، بە پشت بەستن بە پرەنسیپەکانی دیاردەگەرایی، پێی وایە کردەی خوێندنەوە لە یەکگرتنی دوو لایەن پێکدێت، ئەوانیش هۆشیاری خوێنەر و هۆشیاری نووسەرە، ڕەنگە ئەم شێوە ڕەخنەییە تاڕادەیەک سوودی لە چۆنیەتی دابەشکردنی هەردوو جەمسەرەکەی «ئینگاردن» وەرگرتبێت، چونکە ڕۆمان ئینگاردن دەقی بۆ دوو جەمسەر دابەش کردووە، جەمسەری هونەری کە پەیوەندارە بە تایبەتمەندییە ناوەکییەکانی دەق، بەڵام جەمسەری ئیستێتیکایی وا بەستەی خوێنەر «وەرگر» و خوێندنەوەی دەق و بەدەرخستنی واتاکانی و بنەما تایبەتییەکانیەتی، یان بەشێوازێکی تر، ئەوە وەرگرە واتا بە تێکست دەبەخشێت.

نووسەر لە هۆکاری ناونانی ئەو ڕەخنەگرانەی سەر بەم ئاراستەیەن دەکۆڵێتەوە، کە بۆچی بە «ڕەخنەگرانی هۆشیاری» ناودەبرێن، چونکە هۆشیاری نووسەر دەربارەی پێوەندی خۆی بەجیهانەوە دەخاتە ڕوو، بۆیە «ڕیچار» لە کتێبەکانیدا.. ئەدەب و هەست ١٩٥٥، شیعر و قووڵی ١٩٥٥، بە پشتبەستن بە بزاڤی هێرمنیۆتیکای ئەڵمانی ڕاڤەی جیاوازی بەشێوازی جیاواز پێشکەش کردووە، چونکە تێزی دیاردەگەرایی، بە تایبەتی لای «ڕۆمان ئینگاردن» پێی وایە کاری ئەدەبی بەردەوام ناتەواوە و چاوەڕێی کرداری خوێندنەوەیە.

لەلایەکی ترەوە ڕەخنەی بابەتی لەکار و چالاکییە شیکارییەکانیدا چەمکی هەڵواسینی Epoche وەگەڕخست کە ئەم چەمکە لە بنەڕەتدا بۆ هۆسرەل دەگەڕێتەوە.

لە هەمان کاتدا نووسەر سەبارەت بە پێکهاتەی منی قووڵ و منی کۆمەڵایەتی نووسەر لە کاری ئەدەبی ڕەسەن و نوێ دەدوێت و گوفتارێکی ستارۆ بنسکی بە نموونە دەهێنێتەوە کە دەڵێت «کاری ئەدەبی ڕەسەن و نوێ بریتییە لە ڕێڕەوێک لە پێوەندی گۆڕاو کە زمان لەنێوان هۆشیاری تاک و جیهاندا دایمەزراندووە» ، بۆیە هەموو کارێکی ئەدەبی لەلای ڕەخنەی بابەتی ڕەسەن و بێ وێنەیە و ئەزموونی پێوەندی هۆشیارییەکی تاکە بەرانبەر بە جیهان، هەروەها نووسەر بەدوورودرێژی لە ڕوانینی باشلار دەدوێت بۆ چەمکی خەیاڵ و شوێن و باشلار چۆن گرنگی بە چەمکی خەیاڵ و هۆشیاری و دیاردەگەرایی شوێن داوە. لای باشلار خەیاڵ جیهانی تایبەتی هونەرمەند ڕێک دەخات، چونکە خەیاڵ دیاردەی بوونە. نووسەر لە بەشێک لە کتێبەکانی باشلار دەدوێت و چەمکی خەیاڵ و خەون و وێنە و شوێن دەخاتە ڕوو، باشلار لە کتێبی «شیعریەتی شوێن» سوودی لە تێزەکانی هۆسرەل وەرگرتووە، چونکە دیاردەگەرایی پێی وایە کە حاڵەتی مرۆیی حاڵەتی بکەرێکی دوورەدەستی ئازادی عەقڵانی نییە، هەروەها بە قووڵی لە چەمکی شوێن و ئولفەت پێوەگرتن و ڕوانینەکانی باشلار دەکۆڵێتەوە، شوێن لە فەلسەفەی باشلاردا گرنگییەکی تایبەتی هەیە، چونکە مرۆڤی تێدا نیشتەجێیە، ڕەنگە ئەم چەمکە بابەتی «دازاین» ، یان بوون لێرەو لە جیهاندای هایدگەرمان بیربخاتەوە، نووسەر زۆر بە وردی لە باشلار و چەمکی شوێن دەدوێت و لەگەڵ ڕێبازی ڕەخنەی بابەتی پەیوەست بە یەکیان دەکات، نووسەر لە بەشێکی تری کتێبەکەدا لە کارتێکردنی دیاردەگەرایی و ڕەخنەی نوێ دەدوێت، ڕەخنەی نوێ پەیوەستە بە کۆمەڵێک ڕەخنەکاری ئەنگلۆ-سەکسۆنییەوە- کە لە سییەکانی سەدەی بیستەوە تیورسازییان بۆ بەرهەمی ئەدەبی دەکرد و گرنگییان بە بنەمای دەق دەدا و زمانی ڕۆژانەیان لە زمانی شیعری جیا دەکردەوە.

قوتابخانەی ڕەخنەی نوێ لە ئەمریکا سەری هەڵداو کاری ئەم قوتابخانەیە بریتییە لە کارەکانی ئیلیەت، وثای ریچارز، لیڤێز، ولیام ئیمپسۆن...تاد، بەڵام ئیلیەت و ریچارز ئاودێری بیری ئەم قوتابخانەیە بوون، جەختیان لەسەر چەمکی هۆشیاری و بنەماکانی ئیدیالیستی دیاردەگەرایی دەکردەوە، بە تایبەتی تیوری مەبەستداری هۆشیاری لای هۆسرەل، ریچارز لە بارەی تیوری شیعری دەینووسی، پێش ئیلیەت و ریچارز، لیڤێز سوودی لە میتودی ئایدیالیستییانەی دیاردەگەرایی وەرگرت و لە هەوڵی دۆزینەوەی بیرۆکەیەکی ئەزموونیدا بوو، لە چەند ڕوویەکەوە هاوتێڕوانینی هاوبەش لەنێوان هۆسرەل و لیڤێزدا هەیە، بە تایبەتی لە ڕووی هەست و گەڕانەوە بۆ خودی شتەکان، هەروەها

لەنێوان لیڤیز و هانز جۆرج گادامێردا، کۆمەڵێک خاڵی هاوبەش و گرنگ بەدی دەکرێت، لەوانە بڕوا نەبوون بە بوونی سیاقێکی بێ خەوش کە لەناویدا دەقەکان وەربگرین و بیخوێنینەوە.

گادامێر پێی وایە ئەوەی دەقەکان بۆمان دەگوێزنەوە پشت بە سروشتی ئەو پرسیارانە دەبەستێت کە لە دەقەکەی دەکەین، هەروەها پشت بە توانایی تێگەیشتنمان بۆ ئەو ڕەوتە مێژووییە دەبەستێت کە دەقی تێدا بەرهەم هاتووە.

خاڵێکی تری هاوبەش لە نێوان قوتابخانەی ڕەخنەی نوێ و دیاردەگەرایی، خۆی لە چەمکی واتای بابەتیدا دەدۆزێتەوە، هەروەها تێزی فینۆمینۆلۆجیای هۆسرەل و ئۆنتۆلۆجیای هایدگەر کاریگەریان بەسەر ڕەوتی فۆرمالیست و بنەماگەراییدا جێ هێشتووە، فۆرمالیستە ڕووسەکان چەشنی هۆسرەل ڕوویان لە دیاردەکان کرد و گرنگییان بەو ڕێگایانەدا کە لە ڕێیەوە لێی تێدەگەن، وێڕای ئەوەی بایەخدانیان بە پێوەندییە زمانییەکان لە چەمکی هۆشیاریدا و زمان و کارکردن لەسەر زمان بە دەروازەیەکی هاوبەشی نێوان دیاردەگەرایی و فۆرمالیستەکان دادەنرێت، پێشتریش هایدگەر گرنگی بە چەمکی زمان دابوو، بە ماڵی بوونی لە قەڵەم دا، یان هۆسرەل «بەردەوام ڕۆڵی زمانی دووپات دەکردەوە و کاری لەسەر دەکرد و لە چوارچێوەی چەمکی مەبەستداری تەوەر بەستوو بەدەور و واتا و دەلالەتدا».

فۆرمالیستەکان بە هەمان ڕوانینی هایدگەر لە هونەریان دەڕوانی کە دەرچوونە لە باو «المألوف»، «فۆرمالیستەکان بە هەمان شێوە هونەر و ئەدەبیان بە دروستکەری دیدگای نوێ بۆ وەرگر دانا» ئەم کارەشیان ناونا بە «نامۆکردن»، یان نەهێشتنی لێڕاهاتن «شکلۆڤسکی»، هەروەها بنەماگەرایی سوودی لە بنەماپەتییەکەی دیاردەگەرایی وەرگرت، بە تایبەتی چەمکی هەڵواسین کە هۆسرەل بایەخێکی زۆری پێ دەدا، بنەماگەرایی کاری ئەدەبی وەک چۆن هەیە وەسف کرد، ئەمەش لە ڕێگەی بنەما و پێوەندییە ناوەکییەکانییەوە، بێ ئەوەی لە ڕووی ئاکار و بەهاوە هەڵیبسەنگێنێت، چونکە فۆرمی ئەدەبی لای بنەماگەراکان ئەزموونێکە لە دەقەوە دەست پێ دەکات و لەناو دەقیشدا کۆتایی دێت، یان ئەو هاوبەشییەی لە ڕوانینی هەریەک لە هۆسرەل و سۆسێردا هەیە، هۆسرەل و چەمکی هەڵواسین و سۆسێر و زمانی «هاوکات» سانکرۆنی، چونکە فەردیناند دی سۆسێر، زمانی پۆلێن کرد بۆ زمانەوانی پەرەسەندووی زمان «دیاکرۆنی» و زمانەوانی هاوکات «سانکرۆنی» ڕەنگە ئەم ڕوانینە هاوبەشەی نێوان سۆسێر و هۆسرەل بۆ فەلسەفەی ئایدیالی ئەڵمانی بگەڕێتەوە، کە باکگراوندی هەردووکیان، لە هەمان فەلسەفەوە سەرچاوە دەگرێت، وێڕای جەخت کردنی هەردوو لا لەسەر چەمکی هۆشیاری، چونکە بنەماگەرایی دەق بە جیهانێکی داخراوی سەربەخۆ دادەنێت و ئامانجیەتی خوێندنەوەی ناوەکی بۆ بکات بەبێ کاریگەربوون بەهیچ شتێک لە دەرەوەی دەق.

نووسەر هەوڵ دەدات کۆمەڵێک خاڵی هاوبەش لەنێوان ڕوانینی بنەماگەرایی و تێزی فینۆمینۆلۆژی هۆسرەل دا دیاری بکات، لە هەمان کاتدا بنەماگەرایی سوودی لە فەلسەفەی ئۆنتۆلۆژی هایدگەریش بینی، چونکە هایدگەر جەختی لەسەر زمان و شیعر و بوون دەکرد و زمانی بە بەندیخانەی هەمیشەیی مرۆڤایەتی ناساند، لە تێڕوانینی هایدگەر زمان ئامرازی پێوەندی نێوان مرۆڤەکان نییە، بەڵکو ڕەهەندی ڕاستەقینەی خودی بوونیانە، لای هایدگەر شیعر زمانی ڕاستەقینەی دەربڕینە، لای هایدگەر کار گەیشتە ئەوەی بڵێین: شیعر سەرچاوەی زمان و هونەر و مێژوو و بوون و کات و ڕاستییە و هیچ شتێک لە دەرەوەی شیعر بوونی نییە، واتە هیچ شتێک لە دەرەوەی زمان بوونی نییە، چونکە زمان ماڵی بوونە، مرۆڤیش لەنێو ماڵەکەی خۆیدا نیشتەجێ دەبێت، ئەمەش ئەنجامێک بوو فەلسەفەی بنەماگەرایی توانی بنەما شیکارییەکانی لەسەر دابمەزرێنێت و وەک جیهانێکی داخراو هەڵسوکەوت لەگەڵ دەقدا بکات و لەسەرجەم ڕەوتە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆجییەکانی دابماڵێت.

هەڵبەتە ئەم ڕوانینەی هایدگەر بۆ زمان لە بنەڕەتدا بۆ چەمکی کات دەگەڕێتەوە، کات لای هایدگەر پێکهاتەی ژیانی خودی مرۆڤە، شتێکە من لێی پێکهاتووم، واتە کات بریتییە لە بوون و زمان ئەو نێوەندەیە کە ژیانی مرۆڤی تێدا دەسووڕێتەوە و بوار بە جیهان دەدات ببێت بە شتێکی سەرەکی، کاتێک زمان بوونی دەبێت، ئەوە جیهانی مرۆییش بوونی دەبێت، هایدگەر لە کتێبی بنەچەی کاری هونەریدا، لە تابلۆیەکی «ڤان کوخ» دەدوێت ئەو تابلۆیەی وێنەی پێڵاوی ژنە جووتیارێکی کێشاوە، ئەوەی لەم کارەدا پەی پێ دەبرێت ئامرازی

دەربڕین و وێنەکێشانەکەیە، شێوازی پێشکەشکردنی شتەکەیە بووەتە مایەی سەرنج و سەرچاوەی واتا، ئەو شتەش بریتییە لە پێڵاوەکە، کە تێکڕای جیهانی ژیانی گوندنشینی لەخۆ گرتووە.

کەواتە کاری هونەری لە توانایییدایە ڕاستی ئەو قەوارەیە بەرهەم بهێنێت، دەکرێت بینای دەرکەوتنی ئەو ڕاستییە بکرێت کە بە تەنیا لەناو کاری هونەریدا ڕوودەدات، هایدگەر پێی وایە کاری هونەری بەوە دەناسرێتەوە کە بابەت نییە، بەڵکو بالآیەکی خۆڕسک ڕاوەستاوە، بەهۆی ئەوەی خۆڕسک ڕاوەستاو، سەر بە هیچ جیهانێک نییە، جگە لە جیهانی خۆی نەبێت، بەڵکو جیهانەکەی لەناو خۆیدا ئامادەیە، شت کاتێک دەبێتە بابەت کە نەتوانێت ئاوێتەی جیهانی خۆی بێت.

هایدگەر لە ڕوانگەی ئۆنتۆلۆجییەوە بۆ کاری هونەری، لێرە چەمکی «زەوی» دەنگ و بێدەنگی وەک چەمکێکی دژ بەرانبەر بە چەمکی «جیهان» بەکار دەهێنێت، کە جیهان سەرچاوەی ئینتیمای کارەکەیە، یان تێگەیشتنی بنەمای ئۆنتۆلۆجیانەی کاری هونەری بەدەر لە خودگەرایی داهێنەر، کەواتە چەمکی زەوی چەمکێکی دژە بە جیهان، بە بارتەقای خۆپارێزی خودی و داخرانی خودی لە بەرانبەر کرانەوەدا، وەک ڕوونیشە لەناو کاری هونەریدا هەردوو کرداری کرانەوەی خودی و داخرانی خودی ئامادەن، ئەم نووسینەی هایدگەر سەبارەت بە تابلۆکەی «ڤان کوخ» خوێندنەوەیەکی زۆری بۆ کراوە، «جوناثان بات» ئەم جەختکردنەی هایدگەر بۆ چەمکی زەوی بە شیعریاتی ئیکۆلۆجی «ژینگەناسی» ، زانستی ژینگە، لە قەڵەم دەدات، واتە شیعری ئیکۆلۆجی سەرکەوتوو دەتوانێت بەرەو زەویمان بگەڕێنێتەوە، زەوی واتە شوێنی نیشتەجێ بوون و جێگیربوون، لای هایدگەر پێویستە لەسەر مرۆڤ بەشێوەیەکی شیعری نیشتەجێ بێت، جواناثان بات پێی وایە شیعریاتی ئیکۆلۆجی زۆرتر دیاردەگەرایین تا سیاسی، بەڵام ئەگەر بۆ هزری هایدگەر بگەڕێینەوە دەتوانین هەمان چەمکی زەوی لە خوێندنەوەکانی هایدگەر بۆ شیعرەکانی «فریدریش هۆڵدرلین ١٧٧٠- ١٨٤٣» بدۆزینەوە، ئامادەیی چەمکی بوون لە شیعرەکانی هولدرلین-دا هایدگەری بۆ لای خۆی کەمەندکێش کرد، درککردن بە بوون و خۆشییەکانی سروشت، چونکە لای هایدگەر پێوەندییەکی قووڵ لەنێوان هزر و شیعر= هونەریش بە هەمان شێوە هەیە، دەشێت لێرەدا چەمکی زەوی وەک نیشتەجێبوونێکی شیعری، دژ بە سێنترالیزمی دیکارتی بوەستێتەوە و کۆتایی بە دوالیزمی میتافیزیکی بێنێت، لە هەمان کاتدا ڕزگار بوون بێت لە چەمکی نامۆیی و درککردنی جوانی سروشت بێ ئەوەی دەستی بەسەردا بگیرێت.

نووسەر لە بەشێکی تری ئەم کتێبەدا لە پێوەندی نێوان دیاردەگەرایی و هێرمنیۆتیکا دەدوێت و ڕیشەی هێرمنیۆتیکا بۆ ئەرستۆ دەگەڕێنێتەوە، کە لە [ئەراگۆن]دا تێزێکی مەزنی لەسەر نووسیوە، هەروەها زاراوەی هێرمنیۆتیکا لەسەردەمی نوێدا بۆ کتێبی «نهێنی هێرمنیۆتیکا ١٦٥٤»ی دانوستەر دەگەڕێتەوە، پاشان ئاماژە بە کتێبی «ڕاڤەی سەرەکی بۆ سەردەمی نوێ، نووسراوەکانی پاش عیسا»ی «جوهان ئۆگست ئەرنستە» دەدات کە کتێبێکە هەرچی پێشکەوتنی هێرمنیۆتیکییە لە خۆی گرتووە.

«شلەیماخەر - ١٧٦٨-١٨٣٤»

کاتێک بە تێڕوانینێکی نوێوە لە هێرمنیۆتیکای کۆڵییەوە ڕووبەڕووی ئەم کتێبە بووەوە، شلەیماخەر یەکەم توێژەر بوو هێرمنیۆتیکای لە لاهووتەوە بۆ ناو کایەی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی گواستەوە، بەڵام ئەگەر بۆ «گریک» بگەڕێینەوە زاراوەی هێرمنیۆتیکا لە ناوی «هێرمس»ـەوە سەرچاوەی گرتووە، هێرمس وەک نێراو و نێوەندیارێک لەنێوان خوداوەند و خەڵک، واژە و نووسینەکانی خوداوەندی بۆ مرۆڤ شی دەکردەوە و لێک دەدایەوە، هێرمنیۆتیکا [بریتییە لە کۆمەڵێک زانیاری و تەکنیک کە بوار دەدات هێماکان بهێنرێنە گۆ و واتایان بدۆزرێنەوە].

چەمکی هێرمنیۆتیکا لای «شلەیماخەر» بریتییە لە هونەری تێگەیشتن، هەمان پێناسە لای «گادامێر» دەبینین کاتێک وای بینی کە ئاسۆکانی ئەوسا و ئێستا لەناو تێگەیشتندا ئاوێتەی یەک دەبن، «دەلتا»ش دەڵێت هێرمنیۆتیکا هونەر و زانستی تێگەیشتنی تەئویلە و دەلتای پێی وایە کە هێرمنیۆتیکا هەڵقوڵاوەی کایەکانی زانستە مرۆییەکانەو تێگەیشتن و تەئویل دەکاتە بابەتێکی شیکاری مەعریفی، هەروەها [پۆل ڕیکۆر] دەڵێت: هێرمنیۆتیکا تیوری کردارەکانی تێگەیشتنە لە چوارچێوەی پێوەندارێتییەوە بە تەئویلی دەقەکانەوە، هێرمنیۆتیکا «لە بنەڕەتدا تایبەت بووە بە دەقە پیرۆزەکان، یان ئاینییەکان،

ئامانجی هەڵێنجانی واتا شاراوەکانی ناو دەقە ئایینییەکان بوو» ، لە سەدەی نۆزدەدا لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕێبازی ڕۆمانسیدا هاتە نێو کایە ئەدەبی و ڕەخنەییەکانەوە، بەڵام لە «دەلتای»وە ئاراستەکەی گۆڕا، چونکە [هێرمنیۆتیکای دەلتای بە سنووری جیاکەرەوەی نێوان تیورەکانی سەدەی نۆزدە کە لقێک بوون لە ڕێبازی ڕۆمانسی و تیورەکانی سەدەی بیست کە هێرمنیۆتیکای فەلسەفی و گرنگیدانە بە میتودەکانی زانستە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکانی داڕشتنەوە، دادەنرێت» .

نووسەر بەدرێژی لە هێرمنیۆتیکای کلاسیکی و ڕاڤەکردنی دەقەکان و ڕێگای بابەتییانە «ڕستەسازی» و ڕێگەی خودی و تێگەیشتن لە بەرهەمەکان دەدوێت، چونکە «هەموو دەقێک لە یەک کاتدا هەم بەرهەمی تاکی داهێنەرە و هەم سەر بە سیستمی زمانەوانی گشتییە» ، بەڵام هێرمنیۆتیکای نوێ کە بە هێرمنیۆتیکای فەلسەفی ناودەبرێت لەگەڵ بزاڤی ڕۆمانسیزمی ئەڵمانیدا لەسەر دەستی «شلەیماخەر» دەرکەوت، کەچی دواتر هێرمنیۆتیکا فەلسەفییە نوێکەی سەدەی بیست لە ئەڵمانیا و لەسەردەستی هایدگەر و گادامێر و پۆل ڕیکۆر پێشکەوتنی گەورەی بەخۆوە بینی، هەڵبەتە بنەمای کاری هێرمنیۆتیکانەی ئەم سێ بیرمەندە لە «ئەدمۆند هۆسرەل»ەوە سەرچاوەی گرت، هۆسرەل باسی لە مەبەستگەرایی «القصدية» دەکرد و بە واتای نەبوونی هەستی بۆش، پێی وابوو هەموو هەستێک بەردەوام هەستکردنە بە شتێک، هەستێک کە ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە، وێڕای جەخت کردنی هۆسرەل لەسەر گەڕانەوە بۆ خودی شتەکان.

قوتابییەکانی هۆسرەل، هایدگەر و ئەوانی تر بەو شێوەیە لە چەمکی تێگەیشتن، تێگەییون کە هۆسرەل پێشکەشی کردن و وتی: تێگەیشتن بە واتای سەرکەوتنی پلە بە پلە دێت لە قسەوە بۆ ئەو واتایەی لە خۆی گرتووە، لە وتراوی دەرەکییەوە بۆ ئەو بابەتەی کە دەیجووڵێنێت، هەروەها چەمکی «ئەوان» کە هایدگەر هێنایە ئاراوە لە بنەڕەتدا پێوەندی بەم دەستەواژەیەی «هۆسرەل» هەیە کە دەڵێت: «پێویست بوون بە گەڕانەوە بۆ خودی شتەکان» لای هایدگەر گەڕانەوە بۆ ڕەسەنایەتی کە «دازاین» پێک دەهێنێت «گەڕانەوەیە بۆ خودی شتەکان و ڕوو بەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆیە لەگەڵ خودی خۆماندا» ، ئەم جووڵانەوەیە بەهێرمنیۆتیکای فەلسەفی ناونرا و توانی ببێتە میتودێکی ڕەخنەیی، هایدگەر گرنگی دەدا بە ڕاڤەکردنی ئەزموون لە ڕێڕەوی مێژوویيدا، نەک بە سروشتی دیاردەکانی لە خودی خۆیاندا، بەو شێوەیەی کە هۆسرەل مەبەستی بوو، چونکە لای هایدگەر دیاردەگەرایی پێویستە لە ڕووی بوونەوە لەسەر واقیعیبوونی دازاین و بوونی دامەزرێت.

نووسەر لێرەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە سەدەی بیست بڵاوبوونەوەی ئەم جۆرە هێرمنیۆتیکایەی بە خۆوە بینی کە هایدگەر و گادامێر و ڕیکۆر دیارترین پێشەنگەکانی بوون، خاڵی هاوبەشی نێوانیشیان بریتی بوو لە هاونیگایی تێڕوانینیان بۆ هێرمنیۆتیکا و پێیان وابوو وەرچەرخانێکی گرنگە بۆ دیاردەگەرایی. بەهۆی ئەم وەرچەرخانەی ڕێڕەوی هێرمنیۆتیکا بەشێوەیەکی میتودی، گرنگی بە خوێنەر «وەرگر» درا، بۆیە «یاوس» کە بە پێشەنگی دیاری ئیستێتیکای وەرگرتن دادەنرێت و دەڵێت: هێرمنیۆتیکای کۆن پێشتر بابەتی وەرگرتنی لە ڕێگەی ڕاڤەی ڕستەسازی و ڕەمزییەوە خستووەتەڕوو، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی هێرمنیۆتیکای نوێ گرنگیدان بە خوێنەر و وەرگر و کردەی وەرگرتن دراو بوو بە بابەتێکی سەرەکی، دکتۆر یادگار لەتیف بە درێژی لە باڵادەستی دیاردەگەرایی هۆسرەل دەدوێت کە چۆن کاری لە کۆمەڵێک بیرمەندی هێرمنیۆتیکایی کرد و ڕێگەی بۆ خۆشکردن، بۆ نموونە کاریگەری هۆسرەل لەسەر «دەلتای» ، بە تایبەتی دوای خوێندنەوەی کتێبی «توێژینەوە مەنتیقییەکانی ١٨٩٩-١٩٠١» هۆسرەل کە زۆر لە بنەماکانی پرۆژە هێرمنیۆتیکاییەکەی لێی وەردەگرێت، چونکە دیاردەگەرایی لە هەناوی خۆیدا تۆوی هێرمنیۆتیکای هەڵگرتووە.

پاشان کاریگەری هۆسرەل لەسەر هایدگەر هێرمنیۆتیکای نوێ «فەلسەفی» توانی بەهۆی کۆششەکانی هایدگەرەوە پایەکانی خۆی بچەسپێنێت، هایدگەریش ئەوە ناشارێتەوە کە بەشێکە لە بزاڤی دیاردەگەرایی.

کە بۆ خۆی قوتابی و بۆ ماوەی چەندان ساڵ یاریدەدەری هۆسرەل بووە و پاشتریش بووەتە هاوکاری، پاشان کتێبی «بوون و کات»ی زۆر بە ڕێزەوە پێشکەش بە هۆسرەل کردووە، [پێشکەشە بە ئەدمۆند هۆسرەل بەناوی هاوڕێیەتی و ڕێزلێنانەوە] ، هایدگەر لە ڕووی بابەت و زمان و شوێنی

بڵاوکردنەوەش کارەکەی بە کارێکی دیاردەگەرایی ناساند، ئەمەش وای کرد کاریگەری بەسەر بوارە جیاوازەکانی فەلسەفە و تەئویل و زمان و شیعر و ئەدەب و زانستی ئیستێتیکا و یاسا و دەروونناسییەوە هەبێت...تاد.

هێرمنیۆتیکای فەلسەفی لەم چەند ساڵەی دواییدا زۆرترین تێڕوانینی لە چەمکەکانی ئۆنتۆلۆجیای مرۆیی «دازاین، بوون لێرە» لە جیهاندای هایدگەرەوە وەرگرت، هایدگەر لە سەرەتاوە، چەمکی «دیکارت»ی بۆ منی بیرکەرەوە هەڵوەشاندەوە و کۆتایی بە بابەتی میتافیزیکی هێناو لە ڕوانگەی هێرمنیۆتیکییەوەش بەرپەرچی چەمکی «سەروەرێتی دانەر»ی ڕۆمانسیزمی دایەوە، ئیتر لێرە بەدواوە هایدگەر تێگەیشتنی خۆی بەخودەوە نەبەستەوە و کۆتایی بە منی بیرکەرەوە هێناو لە بری ئەوە بە «بوونی مرۆیی لە جیهاندا»ی بەستەوە، هایدگەر چەمکی بوونی پێش بیرکردنەوە خست و لە ڕوویەکی ترەوە ڕێچکەی هۆسرەلی گرت و دووبارە دایمەزراندەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ مەبەستەکانیدا گونجاو بێت.

نووسەر بە وردی لە کتێبی «بوون و کات»ی هایدگەر دەکۆڵێتەوە و پێی وایە پرۆژەکەی هایدگەر پەردە لەسەر بنەما شاراوەکانی بوونی مرۆڤ لە جیهاندا هەڵدەماڵێت و لە پرۆژە ئۆنتۆلۆجییەکەیدا دیاردەگەرایی و هێرمنیۆتیکا یەکانگیردەبن، ئەمەش لە پێناو هەموو مەبەستە پراکتیکییەکاندا، چونکە دیاردەگەرایی «دازاین» لە بنەڕەتدا هێرمنیۆتیکا ئامێزە، هەروەها لەنێوان هۆسرەل و هایدگەردا دوو خاڵی سەرەکی جیاواز هەن، یەکەم خۆی لە [گەڕانەوە بۆ خودی شتەکان]دا دەبینێتەوە کە هۆسرەل جەختی لەسەر دەکرد، بەڵام لە تێزی فەلسەفەی هایدگەردا، کام شت؟ ئەوەی لای هایدگەر لە هەموو شتێک شاراوەتر بوو، بۆیە پرسیاری ئەوەی کرد، بوون چی دەگەیەنێت؟ لە تێزەکەیدا کاری لەسەر بوونی هەنووکەیی، یان بوونی کارایی مرۆیی، لە خودی خۆیدا کرد، بەڵام ئەم بوونە خۆی لەنێوان کۆمەڵێک بووندا دەبینێتەوە، واتە بوونی خود لەنێو بووەکاندا، خاڵی دووەم خۆی لە مێژوو و ڕەهەندی مێژووییدا دەبینێتەوە.

دیاردەگەرایی لە چارەسەرکردنی واتای دەقدا، پشتی لە مێژووکرد و بڕوای بە تێڕوانینە پێشینەکان نەبوو، بانگەوازی بۆ پێویستی گەڕانەوە بۆ خودی شتەکان کرد، لە دووتوێی ئەو کردارەی ناوی لێنا «هەڵواسینی دیاردەگەرایی epoche»، ئەمەش جۆرێک لە دابڕان لەگەڵ زەمەنی ڕاستەقینەدا دروست دەکات، هۆسرەل هەر لەم سۆنگەیەوە مەبەستگەرایی و تێگەیشتنی پێناسە کرد، بەو پێیەی دوو کۆڵەکەن لە کۆڵەکەکانی کاری دیاردەگەرایی، بەوەی کە دوو ڕووداوی نازەمەنین، هایدگەر جارێکی تر ڕەهەندی مێژوویی بۆ نێو دیاردەگەرایی گەڕاندەوە و پرۆژەیەکی جیاوازی پێشکەش کرد، هایدگەر پێی وایە مێژوو پەڕینەوەیە، جیهان لە ڕێی ئەمەوە بۆ مرۆڤ دێت و جیهانیش بەوە وەسف دەکات کە جیهانێکی هاوبەشە، تێگەیشتنی هاوبەش کە لە شێوازی زماندایە، دەیهێنێتە بوون و برەوی پێ دەدات، بەمەش تێگەیشتن دەبێتە تێگەیشتنێکی زمانی و مێژوویی و ئۆنتۆلۆجی، ئەم دەربڕینەی هایدگەر جۆرێک لە بەرپەرچدانەوەیە بۆ چەمکی تێگەیشتن و مەبەستگەرایی لای هۆسرەل، ئیتر لێرە بەدواوە هێرمنیۆتیکا وەک دەرخستنێکی پەتی نامێنێت، کاتێک لە ناو جیهاندا ڕووبەڕووی شتێک دەبینەوە، ئەو شتە هاوبەشیمان دەکات لە تێگەیشتنمان بۆ جیهان، لەم گۆشەنیگا مێژووییەوە هایدگەر لە هونەری کۆڵییەوە و کرۆکی کاری هونەری و بە ڕەهەندی مێژوویی و زانیارییە پێشینەییەکان، باگراوندی بە ڕۆشنبیرییەکانی تەئویلکارەوە بەستەوە، کاریگەری هۆسرەل لەسەر گادامێر، گادامێر پرۆژە هێرمنیۆتیکییەکەی خۆی لەو خاڵەوە دەست پێکرد کە هایدگەری مامۆستای لەسەری وەستاو هەر لەسەرەتاوە تێڕوانینی سایکۆلۆجییانەی «دەلتای» بەرپەرچ دایەوە و مێژووی کردە تەوەر و سەنتەری توێژینەوە هێرمنیۆتیکییەکانی، پێی وایە خواستی «ئارەزوو»ی مێژووییانە و دەسەڵاتی زەمەن لە سەنتەری پرۆژە ڕەخنەییەکاندا ئامادەیی بەهێزیان هەیە، تەئویلکار پێویستە هۆشیاری گرێدراو بە بیروبۆچوونە پێشینەکان لەگەڵ خۆیدا بهێنێت، واتە یەکبوونی دەق و بیری مێژوویی، ئەم کردەیەش دەمانگەیەنێتە ئاوێتەکردنی ئاسۆکان لەگەڵ ئاسۆی ڕابوردوو، چونکە لای گادامێر تێگەیشتن ڕۆڵی تێکەڵکردنی بەردەوامی نێوان ئەوسا و ئێستا «ئاوێتەکردنی ئاسۆکان» دەبینێت.

لێرە بەدواوە تەئویلکارێکی خودی و واتای دەقی بابەتی نامێنێت، بەڵکو یەکبوونی هەردووکیان لەناو زەمەندا دێتە ئاراوە، گادامێر لەگەڵ

کرداری «تێکەڵکردنی ئاسۆکان» وەک کردارێکی دیالۆگی هەڵسوکەوتی کرد، چونکە ئەزموونی هێرمنیۆتیکایی وەک زانست بێدەنگ و مەنەلۆجی نییە، لێرە دەکرێ بۆ دەوڵەمەندکردنی باسەکە بۆ کتێبی «تجلي الجميل»ی گادامێر بگەڕێمەوە کە لەلایەن دکتۆر «سەعید تۆفیق»ەوە کراوە بە عەرەبی، گادامێر لە تێزە هێرمنیۆتیکییەکەدا وێڕای جەختکردنی لەسەر چەمکی تێگەیشتن و دیالۆگ و ڕەهەندی مێژوویی، بایەخ بە ڕەگەزی یاری و «ئاهەنگسازی»یش دەدات، واتە لە کردەی خوێندنەوەدا وەرگر لە ڕێگەی یاری و دیالۆگ و ئاهەنگسازییەوە بەشدارییەکی کاریگەر و کارا لە کردەی هێرمنیۆتیکایی دەکات، لای گادامێر ئاسۆی پێکهاتبوو لە ئاوێتەبوونی ئاسۆکانی ڕابوردوو و ئێستا، سروشتێکی بە جووڵەی هەیە و هەردەم لە دۆخی دروستبوونەوە دایە، تێگەیشتن هەردەم ئاوێتەبوونی ئەو ئاسۆیانەیە کە گریمانەی بوونیان دەکەین لە خودی خۆیاندا و هەموو ڕووبەڕووبوونەوەیەکیش لەگەڵ کولتووردا لەناو هۆشیاری مێژوویی‌دا، ڕووبەڕووبوونەوەیەکە ئەزموونی دووری نێوان دەق و ئێستا لەخۆ دەگرێت، ئەرکی هێرمنیۆتیکییانە بە هۆشیارییەوە خۆی لە دەرخستنی ئەو دوورییەدا دەبینێتەوە، بەم شێوەیە لای گادامێر ئەو ئاسۆ مێژووییە لە نامۆبوونە مێژووییە بەسەرچووەکەی دێتە دەرێ و دێتە ناو ئاسۆی تێگەیشتنمان بۆ ئێستا.

نووسەر لە توێژینەوەکەیدا دەڵێت: دەرکەوتنی گادامێر گروتینێکی دیکەی بەخشییە هێرمنیۆتیکای نوێ، چونکە تێزەکەی لەسەر ڕەگەزی هاوبەش دامەزراندووە، هەر لەبەر ئەو هۆکارە ئاسۆکان بەشێکی دانەبڕاون لە ئێستا، چونکە لە ڕێگەی بەریەک کەوتنەوە لەگەڵ ڕابوردوودا دروست بووە.

گادامێر ئاشکرای کرد کە تێگەیشتن کردارێکی زمانییە و لەسەر ئینتیمای بۆ ڕێچکەیەکی دیاریکراو دادەمەزرێت، ئاوێتەبوونی ئاسۆکانیش بەدەر لە زمان ڕوونادات و تێگەیشتنی ڕووداوە مرۆییەکان لە ڕێی زمانەوە دێتە دی، بۆیە لای گادامێر تێگەیشتن پشت بە تەئویلێک دەبەستێت کە پێویستی بە دیالۆگە و هەموو دەقێک درێژ دەبێتەوە بۆ زەمینەیەکی پێشتر و بۆ خوێندنەوەیەکی پێشتر ئامادەکراو، واتە درێژ دەبێتەوە بۆ نێو کولتوور و دەکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ هەموو خوێندنەوەیەکی نوێدا تا کار دەگاتە «ئاوێتە بوونی تێڕوانینەکان»ی نێوان دوو هۆشیاری لە یەک جودا، ئەوانیش هۆشیاری نووسەر و هۆشیاری خوێنەرە، پاش ئەمەش گادامێر کاروباری هێرمنیۆتیکای دەقی بەرەو خوێنەر گواستەوە، پاش خۆی مامۆستایانی قوتابخانەی «کۆنستانس» لە ئەڵمانیا بە تایبەتی یاوس و ئایزەر لەسەر تێزەکەی ڕۆیشتن و «تیوری وەرگرتن»ی لێوە پەیدا بوو، کاریگەری هۆسرەل لەسەر ڕیکۆر و هێرش، پۆل ڕیکۆر کە لە ساڵی ١٩١٣ لە دایکبووە بە گرنگترین فەیلەسووفی ئەم سەدەیە و بە گەورەترین میراتگری دیاری پرۆژەکەی گادامێر دادەنرێت کە پۆل ڕیکۆر جەخت لە بەرهەمهێنانی واتای دەق دەکاتەوە کە لە خاڵی بەیەک گەشتنی فەلسەفە و ڕەوانبێژی و شیعریەتدا، ئەنجامدانی ئەم کارەش پەیوەستە بە کردەی خوێندنەوەوە، لە ڕێگەیەوە خوێنەری وەرگر بوونی کارەکی بە دەق دەبەخشێت، چونکە ئێمە لە ڕێگەی کارلێکەوە لە دەق تێدەگەین.

بابەتی خوێندنەوە لەلای پۆل ڕیکۆر لەسەر بنەمای بوونی درز و بۆشایی و کەلێنە دەقییەکانی ناو دەقە ئەدەبییەکان دامەزراوە، واتە خوێنەری وەرگر لە ڕێگەی کارلێکەوە درز و بۆشاییەکانی نێو دەق پڕ دەکاتەوە، بەمەش کارلێکی دوو جەمسەری دەق و خوێنەر کاراتر دەبێت، ئەوەی من لە یادم بێت هەمان چەمکی پڕ کردنەوەی درزی بۆشاییەکانە کە لەلایەن وەرگرەوە ڕوودەدات، پێش «ئایزەر» لەم بابەتە دواوە، بەم جۆرە نووسەر دەڵێت: کارەکانی پۆل ڕیکۆر لە یەک کاتدا دەچنە خانەی دیاردەگەرایی و هێرمنیۆتیکاوە: ڕیکۆر لە کتێبە سێ بەرگییەکەیدا «بوون و زەمان و گێڕانەوە» خۆی لە قووڵی تێزەکان و توانایی باوەڕپێهێنان و لێوەشاوەیی لە دەرخستنی بواری واتا و هێرمنیۆتیکادا دەبینێتەوە.

نووسەر لە بارەی کارلێکی دیاردەگەرایی و ڕێچکە و شەپۆلی تێزە ڕەخنەییەکان لە هێرمنیۆتیکای «ئی- دی، هێرش» دەدوێت. ڕەخنەکاری ئەمریکی ئی. دی. هێرش» بە هەمان شێوە بە فەلسەفەی فینۆمینۆلۆجیای ئەدمۆند هۆسرەل کاریگەر بوو، لە هەمان کاتدا لەگەڵ گادامێر هاوڕایە لەسەر ئەوەی دەکرێت کاری هونەری واتای جیاوازی کەسانی جیاواز لە کاتی جیاوازدا لەخۆ بگرێت، بۆ ئەم تێزەشی کە لە یەک کاتدا باوەڕی بە بوونی یەکانگیری لەگەڵ واتای دانەر و فرە واتایی هەیە، هەروەها جیاکاری لەنێوان واتا و گرنگیدا

کرد، دەڵێت واتای ئەدەبی بە ڕێگەیەک لە ڕێگاکان ڕەهایە و بەرەنگاری گۆڕان دەبێتەوە، ئەرکی کاری ڕەخنەییش بریتییە لە دووبارە داڕێژانەوەی جۆری ئەدەبیانەی دەقەکە، هێرش لە کتێبی «ڕاستگۆیی لە ڕاڤەکردندا ١٩٦٧» بەڵگەی ئەوە دەهێنێتەوە کە دەکرێت ڕاڤەی دروست و جیاواز بۆ دەق هەبن، بەڵام هەموویان پێویستە لەگەڵ واتای خوازراوەوە لەلایەن دانەر یەک بن، ئینجا بەم شێوەیە گرنگی کارەکانی ئەدمۆند هۆسرەل بەسەر پێشکەوتنی هێرمنیۆتیکای نوێوە بە ڕوونی دیارە و زۆرتر خۆی لە بنەمای هاوبەشی واتا و تێگەیشتندا دەبینێتەوە، بە تایبەتی لە جیهانی زمانی و نازمانیدا، واتە جیهانی کردەوەکان و جیهانی زمان.

هۆسرەل گرنگی بە وەسفکردنی کردەوە مەبەستدارەکان دەدا، بۆی دەرکەوت کە خودی واتا دەکرێت دیاریکراو، یان مەبەستدار بێت، بە تایبەتی لەنێو کردەوە جیاوازەکان و لەلای خودە جیاوازەکان، بەم چەمکە کاریگەری بەسەر تیوری وەرگرتندا بەجێ هێشت، دواتر «ڕۆمان ئینگاردن» فەیلەسووفی پۆڵەندی و قوتابی نزیکی هۆسرەل کاری زیاتری لەسەر داڕشتنەوەی ئەو جیاوازیانە کرد، ئینگاردن لە ڕێگەی پشت بەستنی بە ئامراز و چەمکە دیاردەگەراییەکانەوە چەمک و زاراوە کلاسیکییەکانی هێرمنیۆتیکای بەکارنەهێنا، لە بری ئەوە میتودێکی تایبەتی لێکۆڵینەوەی پێشکەش کرد و توانی ئاسۆی زۆر نوێ بکاتەوە.

ئینگاردن لە کردەوەکانی پەی پێ بردنی واتا و بنەما پەیوەستەکانی کۆڵییەوە بەپێی پێوەندییان بە کاری ئەدەبییەوە، وەک چۆن دیاردەگەرایی جەختی لەسەر ناتەواوی دەقی ئەدەبی دەکرد، کە هەمیشە بە ناتەواوی دەمێنێتەوە. ڕۆمان ئینگاردن بە هەمان شێوە پێی وایە، دەق بنیادی هێڵکاری جیاواز پێشکەش دەکات، بۆ ئەوەی خوێنەر دیاری بکات، بۆ ئەو مەبەستەش درز و کەلێن و بۆشایی بۆ دەهێڵێتەوە، لە بنەڕەتدا بوونی درز و کەلێنی نێو دەق بۆ فەلسەفەی ئۆنتۆلوجی هایدگەر دەگەڕێتەوە کە پێی وایە بوونی مرۆڤ درز و کەلێنی تێدایە و لە ڕێگەی چالاکییە جۆراوجۆرەکانەوە پڕ دەکرێنەوە، دواتر مەرگ دێت و بە تەواوی پڕی دەکاتەوە، ئەم درز و بۆشاییانەی نێو دەق لای «ئایزەر» بە ڕەگەزێکی هاندەر نێوزەد دەکرێن، کە هانی خوێنەری وەرگر دەدات بە خوڵقاندنی واتای جیا جیا پڕیان بکاتەوە، بەڵام ئەو ڕستانەی نێو دەق هەردەم پێویستیان بە یەک گەیشتنە بۆ ئەوەی هەمەکێتی جیهانی مەبەستدار بەرجەستە بکەن، هێرمنیۆتیکا ئەم یەکە گشتییە بە «بازنەی هێرمنیۆتیکایی» ناودەبات، ئەمەش تا ڕادەیەک پێوەندی بە تیورەکەی «هۆسرەل»ـەوە هەیە کە تایبەتە بە زەمەن و جێبەجێکردنەکانی لەسەر ڕستە بە دوایەکدا هاتووەکان، ڕۆمان ئینگاردن دەڵێت هەر ڕستەیەک ئاماژە بۆ پاش خۆی دەکات و دەستمان دەگرێت بۆ شتێک کە دەبێت ئەنجام بدرێت و دیدگایەک دەکاتەوە.

نووسەر لەم کتێبەدا بە وردی لەسەرجەم کتێبەکانی هۆسرەل دەدوێت و ئاماژەیان بۆ دەکات کە چۆن کتێبی «توێژینەوە مەنتیقییەکان» و «دیاردەگەرایی هۆشیاری زەمەنی ناوەکی ١٩٢٩» و «قەیرانی زانستە ئەورووپییەکان ١٩٢٦» و «ئەزموون و فەرمانڕەوایی ١٩٢٨» کە چۆن لە سەدەی بیست کاریگەرییەکی کارا و بەهێزیان لەسەر هێرمنیۆتیکای نوێدا کردووە، هەروەها هۆسرەل لە کتێبی «جیهانی ژیان»دا بەردی بناغەی دیاردەگەرایی و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی مرۆڤی دانا، پاش خۆی یەکێک لە قوتابییەکانی بەناوی «ئەلفرید چوتەز» لە بواری سۆسیۆلۆجیا و هێرمنیۆتیکادا کاری لەسەر فراوانکردنی داڕشتنەوەی بیری هۆسرەل کرد و سۆسیۆلۆجیای هێرمنیۆتیکای کاریگەری لێ بەرهەم هێنا، لێرەدا کۆتایی بەم خوێندنەوەیە دەهێنم و ئەگەر تەمەن مەودا بدات کار لەسەر هەمان کتێبی دکتۆر یادگار لەتیف شارەزووری دەکەم، ئەم جارەیان لە چۆنیەتی کاریگەری فینۆمینۆلۆجیا «دیاردەگەرایی» لەسەر سەرهەڵدانی سیمیۆلۆژیا و گێڕانەوەزانی و هەڵوەشانەوەگەرایی دەدوێم. من لەم خوێندنەوەیەدا زۆرتر هەوڵم داوە پوختەی تێزی فەلسەفەی فینۆمینۆلۆجی ئەدمۆند هۆسرەل بخەمە ڕوو، لە هەمان کاتدا کۆمەڵێک بابەتی گرنگی فیکری و فەلسەفی و ڕەخنەییم وەک خۆی گواستووەتەوە، بەڕاستی مرۆڤ هەست بە بەختەوەری دەکات کاتێک کتێبێکی دەگمەنی پڕاوپڕ لە هزر و داتا و زانست و زانینی ڕەخنەیی وەک کتێبی «دیاردەگەرایی و ڕەخنەی ئەدەبی» بە زمانی کوردی دەخوێنێتەوە.

**سەرچاوە:**

**ناوی کتێب: دیاردەگەرایی و ڕەخنەی ئەدەبی.**

**نووسینی: د. یادگار لەتیف شارەزووری**

**ژمارەی چاپ/ چاپی یەکەم، ٢٠١٥**

**چاپ: چاپخانەی هێڤی- هەولێر**

**لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی فێربوون.**